# کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق و کوردستاندا
# پێویستی بە کەناڵێکی ئاسمانی هەیە

سەردار عەبدوللا حەمە

هەموو رۆژە لە کەناڵەکانی ئاسمانیەوە هەمووشت دەبینین جگە لە راستیە کان ، بەو مانایەی ، ئەوەی کە شاراوەیە لایان بەرژەوەندی خەلکی ئەم ولاتەیە وە رێگای دەرباز بوونیەتی لەو بارو دۆخەی کە تێیدا تەمەن بە سەر دەبات گەر شانسی ژیانی هەبێ. بارو دۆخێک کە ژیانی ئینسان تێیدا کەمترین بەهای بۆ نیە . هەندێک لە کەنالەکان فرمێسکی تیمساحی دەرێژن بۆ ئەو خەلکە بەلام لە سەرجەمدا چ بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە دژی بەرژەوەندی کانیان کار دەکەن.

کەناڵێک نابینیت ئەو رێگا چارە عەمەلی و واقیعیە نیشان بدا کە ئاوات و ئارەزوەکانی خەلکی ستەمدیدە بێ وە نوێنەرایەتی یان بکا وە دەنگ و رەنگی ئەوان نیشان بدا وە ئەوە پیشان بدارێگاو هۆی دەربازبوون لە ژیانی پڕ کارەسات و تیرۆر و مال وێرانی چیە؟ . کەنالێ نابینی کە دوژمنانی بەرژەوەندیەکانی کرێکاران ، زەحمەتکێشان ،منالان، ژنان ،لاوان بناسێنێ. کەنالێ نابێنی پێت بلێ ئەوەی ئەمرۆ بە سەر ئەو خەلکەدا دێ وەک دایناسۆڕێ بەرۆکی ئەو خەلکەی گرتووە لێ ی نابێتەوە ئەوە دوو قوتبی تیرۆریستی ئەمەریکا و ئیسلامی سیاسیە،ئەوە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەتی کە بەهۆی داگیرکاریەوە بە سەر ئەو خەلکەیدای هێناوە یا ئیسلامی سیایسیە بە هەردوو بالەکەی سەر بە غەرب و دژ بە غەرب یا قەوم پەرستانی رەنگاو رەنگن وا بوونەتە هۆی درێژەدان و ئالۆزتر بوونی وەزعەکە.

کەنالێ نابینی کە رێگای ئازادی لەو هەل ومەرجە دژوارە پیشان بدا وە پێت بلێ رێگای نەجات چوونە دەرەوەی هێزە داگیرکەرەکانە و چەک کردنی گرووپە چەکدارەکانە و بەدی هێنانی کۆمەلگایەکی مەدەنی یە کە ئینسان تێدا وەک هاولاتی بەهرەمەند بێ لە هەموو مافێکی ئینسانی خۆی . کەنالی نابینی بلی سۆشیالیزم هەر ئێستا.

هەر لە بەر ئەو هۆیانەیە دەبێ ئەو لایەنەی کە نوێنەری کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەلگری پەیامی مارکس و مەنسورحیکمەتە لە راستیدا دەبێ هەولی جیددی بدا بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی لەو جۆرە . دەبێ کەنالیک بێ وەڵام بە خواستی ئەمرۆی خەلک بداتەوە ، کەنالێک بێ دەنگی نارەزایەتیەکانی کرێکاران بێ وە دەنگیان بە یەکتر بگەیەنی، کەنالێک بێ پەیامی نارەزایەتیەکانی خەلکی جیهان لە دژی شەر و مالوێرانی داگیرکەرانی ئەمریکا بگەیەنێ وە پستیوانیەکانیان بە گوێی خەلکی عێراق و کوردستان بگەیەنێ ، کەنالێک بێ ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزم ووتایفە گەری وشەڕی ئەمانە ریسوا بکا . کەنالێک بێ لە گەل ئارەزووی ژنان و لاوان بێ وە بتوانێ کۆمەلگا بخاتەوە سەر دۆخی تەمەدون و سکۆلاریزم . وە دەبێ کەنالێک بێ کە دەنگی سۆشیالیزم حکومەتی کرێکاری و دونیاکەی باشتر بێ.

ئەم ئەرکە لە سەر شانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقە دەبێ هەولی جیددی بۆ بدا و لە زووترین کاتدا ئەم کەنالە دامەزرێنی و بە جۆرێک بێ کە کۆمەلانی ملیۆنی خەلک لەسەرتاسەری عیراقدا بتوانن رۆژانە چاوی لێ بکەن و بەرنامەی خۆی بە هەردوو زبانی عەرەبی و کوردی بلاو کاتەوە بە ئومێدی سەرکەوتن لەم پرۆژەیەدا.

62007/13